**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٤٥٢٩ لە ٢٠١٨/٩/١٠**

## بــڕیــار

پاڵپشت بە یاسای هەموارکردنی بیستەمی یاسای میلاکی عێراقی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ ، وە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە بەرکارکردنی یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میلاکاتی عێراقی هەموارکراو ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ لە هەرێمی کوردستان - عێراق ، وە لەبەر نەبوونی نیشانکاری وەزیفی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە رامیارییەکان (سیاسییەکان) ، بڕیارماندابە :-

**یەکەم:** نیشانکاری ( توصیف ) و ناونیشانی وەزیفی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە رامیارییەکان (سیاسییەکان)

١- **ناونیشانی وەزیفی:** یاریدەدەری تۆێژەری سیاسی.

٢- **جێگەی وەزیفی:** کارگێری سیاسی و چالاکی توێژینەوەیی سیاسی.

٣- **سروشتی کارکردن:**

أ- ئەم کارە تایبەتمەندە بە زانستە رامیارییەکان (سیاسییەکان) و لێکۆڵینەوەی سیاسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ٠

ب- ئەم کارە چەند بابەتێك لە خۆدەگریت : جێبەجێ کردنی کارە تایبەتەکان بە کارگێری سیاسی و دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆیی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ناوەندەکانی تویژینەوە و لێکۆڵینەوە و رێکخراوە ناقازانجیەکان و راگەیاندن و میدیا و خزمەتی گشتی و پەروەردەی سیاسی و پەیوەندییەکانی دەرەوە و ناوخۆ.

ج- ئەم کارە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاساو رێساکان کە کار و چالاکی سیاسی و راگەیاندن و ئاسایشی نەتەوەیی رێکدەخەن.

د- ئەو کەسەی لەم بوارەدا کاردەکات توشی مەترسییەکانی پیشەیی دەبێت .

هـ- سروشتی پەیوەندییەکانی کارەکە : ئەم کارە ناوخۆییە لەگەڵ پێکهاتە دامەزراوەییەکان کە پەیوەندیدارن بە هەرێمی کوردستان یان پەیوەندیدارن بە حکومەتی ناوەند یان پارێزگاکانی دیکە ، هەروەها کارەکە دەرەکییە لەگەڵ دامەزراوە سیاسی و نێودەولەتییە پەیوەندیدارەکان.

٤- **ئەرکەکان :**

أ- کاردەکات وەکو یاریدەدەری سیاسی لە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و لەگەڵ وەزیر و پەرلەمانتارەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگارەکان یان کاندیدە سیاسییەکان.

ب- کار دەکات لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و پەیوەندییە کولتووری و ئەکادیمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە هاوشێوەکان لە پەرلەمان و وەزارەتەکان.

ج- کاری کارگێری و راگەیاندن ئەنجام دەدات یان ئەو کارانەی کە پەیوەندیدارن بە پارتە سیاسییەکان و بانگەشەی سیاسی و توێژینەوەی سیاسی و راپرسییەکان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن .

د- کار دەکات لە کۆمسیۆنە باڵاکان و دەستەباڵا سەربەخۆییەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی سیاسی و ستراتیجی ٠
ه- کاردەکات وەکو مامۆستا لە پەیمانگا و قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە بەمەبەستی ووتنەوەی وانەکانی (مافی مرۆڤ ) و (مافی ئافرەت و جێندەر) و (دیموکراسی) و (کۆمەڵگای مەدەنی) و (پەروەردەی مەدەنی) و (کوردۆلۆجی) و (جینۆسساید)، یان هەر وانەیەکی تر لەگەڵ پسپۆری زانستە ڕامیاریەکان(سیاسیەکان) گونجاو بێت.
و- کاردەکات لە بواری راگەیاندن و میدیا یان ریکلامی سیاسی و پێشکەش کردنی هەواڵەکان و شیکردنەوە سیاسییەکان .
ز- کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوولاتییان سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی و کێشە ژینگەییەکان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ .
ح- کاردەکات لە بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و رۆشنبیری و هۆشیاری نیشتیمانی لە وەزارەتی پێشمەرگە ، وە بەرێوەبەرایەتی ئاراستەکردن و رابەری کردنی مەعنەوی لە وەزارەتی ناوخۆ ، وە کاردەکات لە دەزگاکانی تری سەربازی و ئاسایشی ناوخۆیی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی
گ- کاردەکات لەهەموو ئەو شوێنانەی کە سروشتی کارەکەی گونجاوە لەگەڵ هەڵگرانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە زانستە رامیارییەکان (سیاسییەکان)

٥ -**پلەی وەزیفی** : ئەم ناونیشانە وەزیفییە ریزبەندی لە پلەی (حەوتەم )ەوە بۆ پلەی (یەکەم) دەبێت .

٦ -**مەرج و تواناکان** : ( بەلایەنی کەم ) ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:
- زانست : زانیارییەکی مامناوەند سەبارەت بە زانستە رامیارییەکان (سیاسییەکان) و بوارەکانی جێبەجێ کردنی
- تواناکان : توانای شیکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان و خێرایی مامەڵە و کاردانەوەی دروست.
- خوێندن و پسپۆڕی و بڕوانامەی خوێندن: بە کالۆریۆس لە زانستە رامیارییەکان (سیاسییەکان).
- مەشقکردن : خولی مەشقکردنی پێویست بۆ پڕکردنەوەی کاری ناوبراو .
- خولێکی پێناساندنی گشتی.
- خولێکی پسپۆڕی لە جۆر و سروشتی کارەکەی .

٧ - **هۆکارەکانی داهێنانی ئەم ناونیشانە وەزیفیە** : لەبەر نەبوونی ناونیشانی وەزیفی لە خشتەی پێکهاتەکانی وەزارەتی دارایی بۆ دەرچووانی زانستە رامیارییەکان (سیاسییەکان).هەروەها لەبەر ئەوەی دەرچووانی ئەم پسپۆرییە پەروەردە و ئامادە دەکرێن بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە بۆ کارکردن لە هەموو بوارە سیاسییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی وەکو : بواری دیبلۆماسی و بەشەکانی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی وەزیران و کۆمسیۆنە باڵاکان و دەستە باڵا سەربەخۆییەکان و بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام ودەزگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و بەشەکانی پەیوەندییە ئەکادیمییەکان و پەیوەندییەکانی دەرەوە لە وەزارەتەکان و زانکۆکان و دامەزراوەکانی تر ، هەروەها کۆلێژەکانی سەربازی و پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆ و کارکردن وەکو مامۆستا لە پەیمانگا و قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە .

٨ - ریزبەندی ناونیشانە وەزیفییە نوێیەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

أ- یاریدەدەری توێژەری سیاسی پلەی ٧

ب- توێژەری سیاسی پلەی ٦

ج- یاریدەدەری مشاوری سیاسی پلەی ٥

د- مشاوری سیاسی پلەی ٤

هـ- مشاوری سیاسی پێشکەوتوو پلەی ٣

و- ڕاوێژکاری سیاسی پلەی ٢

ز- ڕاوێژکاری سیاسی پێشکەوتوو پلەی ١

٩- هەڵگرانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە زانستە رامیارییەکان (سیاسییەکان) کە دادەمەزرێن لە دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە ، ئەم نیشانکاری و ناونیشانە وەزیفییانە دەیانگرێتەوە. بەڵام ئەوانەی دامەزراون پێش دەرکردنی ئەم بڕیارە ، بۆ ئەوەی ناوەرۆکی ئەم بڕیارە بیانگرێتەوە ئەوا پێویستە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ گۆڕینی ناونیشانی وەزیفیان .

دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**نێـچـرڤان بـارزانی**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**